# چەند سەرنجێک لەسەر کتێبی "کارگەکانی تابووت"ی شێرزاد حەسەن

کتێبی "کارگەکانی تابووت"، کە ڕەنج و کاری هزری چەندین ساڵەی نووسەر شێرزاد حەسەنە، سەرنجدانێکی قووڵ و ناوەڕۆکێکی ڕۆحی بەرفراوانە لەسەر کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی و کۆمەڵگەکانی تری جیهان بەگشتی. بابەتەکە ئازاری دەروونی و پیشخواردنەوەی نووسەرە لەمەر دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەیەک، کە تیایدا ساکارترین مافە سروشتییەکەنی مرۆڤ خراونەتە زبڵدانی مێژویەکی دووبارەبووەوە و بە قەولی خۆی خەڕەکئاسا. نووسەر توڕە و دڵشکاو و نائومێدە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە مرۆڤی مەرگدۆست و کۆیلە و خەسێندراو بەرهەمدێنن. کتێبەکە هەوڵیداوە لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆ-پسیکۆلۆژییەوە شیکارێکی ئەو کۆمەڵگانە بکات، کە تیایاندا مرۆڤەکانیان بەو شێوەیە تێکشکێنراو و لاوازکراون، بەلام تێڕوانینەکانی نووسەر هەندێجار بابەتیانە هەڵنەهێنجراون، هۆی ئەمەش زۆرجار نەگەڕانە بە دوای سەرچاوە زانستییەکان و کەمی زانیاری لە مەڕ هەبوونی ئەو سەرچاوانەوە.

نووسەر هەندێ لایەنی دەروونی تاکەکان دەبەستێتەوە بە تیزەکانی سیگمۆند فرۆید دەربارەی شعور و ناشعور\هەستی (نەستی) دەرەوە و ناوەوە، وە هەروەها بە "بەرزە-من"ەوە، کە ئارەزووەکانی مرۆڤیان تێدا بەرجەستە ئەکرێت. بەلام تەنیا یەک سەرچاوەی ئەم بەڵگانە لە کتێبەکەدا دەستنیشان نەکراون، کە کارێکی گەلەک پڕ هیلاکی و بێزارهێنەرن. ئەمە بەمانای ئەوە نایەت، کە نووسەر بەشوێن برینەکانی ئەو کۆمەڵگایانادا نەگەڕاوە و دەستنیشانی نەکردوون، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ چارەسەری برینەکانی دانەناوە. ڕەنگە ئەو تەنیا بییەوێت کێشەکان ڕەخنەییانە فەزح بکات. نووسەر باسی کۆمەڵگایەکی مەرگدۆست و کۆلێکتیڤئاسا ئەکات، تیزی نوسینەکەش بەمەرگئاسایی و بەو میانەدا هەنگاو ئەنێت و ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ستایلی نوسینەکە پێم باشە بەم شێوەیەی خوارەوە شیکار بکرێن.

<u>بەشی یەکەم</u>

لە نێوان ستایلی ئەدەبی و زانستیدا:

"مرۆڤ ئەو گیاندارەی کە نازانێت بژی"، ئەمە تێڕوانینی شێرزاد حەسەنە لەسەر مرۆڤ، ئیتر لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانەدابێت. نووسەر هەوڵیداوە ئەو جیاوازییە سۆسیۆکولتورییانەی، کە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوەدا بەرجەستەن، وەکو فاکتێکی مێژوویی و کولتوری دەستنیشانیان بکات. هەوڵیداوە ڕوونیبکاتەوە، کە بۆچی مرۆڤەکانی ئەوروپا ئازادترن، تاکڕەوایەتی وەکو مافێکی سروشتی خۆیان دەبینن و لای ئێمەش مێگەلپەرست و مەرگدۆست و ئازادییەکانی تاک بەهایان نییە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەماناش نووسەر هەوڵیداوە ئەم دیاردەیە بە پێوەری چەند بنەمایەکی مێژویی،سۆسیۆکولتوری و دەروونناسی شیکار بکات. بە بیروڕای من لێرەدا نووسەر هەنگاو دەنێتە لایەنە زانستییەکانەوە، زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی)، دەروونناسی (پسیشۆلۆگی)، پەروەردەناسی (پێداگۆگی)، هەووەک ڕامیاریناسی (پۆلیتۆلۆگی). ئەمەش کاری نوسینی کتێبێکی لەم جۆرە ئاسان ناکات، لێ بۆ هەر ئارگومێنتێکی زانستی نووسەر پێویستی بە بنەما و سەرچاوە زانستییەکان دەبێت. لە تەواوی ئارگومێنتەکاندا بنەما و سەرچاوە زانستییەکان بەدیناکەین، یان زۆر بەکەمی دەستنیشانکراون، کە بەداخەوە لە نرخاندنە زانستییەکەی ئەم کتێبە کەمدەکاتەوە.

کتێبی "کارگەی تابووتەکانی" سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتییە بە پلەی یەکەمی دژی کۆمەڵگانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە نووسەر بە تاریکهەڵاتی ناوەڕاست یان ڕەشهەڵاتی ناوەڕاست ناوزەندی ئەکات. لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە نووسەر زیاتر تێکستێکی ئەدەبی

و به ستایلێکی چیرۆکنووسی یان ڕۆماننووسی بەکارهێناوە، نەک ستایلێکی زانستی، کە لە هەندێ بەڵگە زانستییەکاندا بنەمای زانستی دەخوازێت. نووسەر هەوڵیداوە بنەما زانستییەکان ڕوونبکاتەوە، بەڵام سەرچاوە زانستییەکان لە زۆربەی تێکستەکەندا دیاری نەکراون. کارەکە زیاتر بابەتێکی سۆسیۆکولتورییە، لەسەر بنەمای زانستەکانی تر، کە لێرەدا ناویانهێنراوە. بێگومان مامۆستا شێرزاد زیاتر چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە و چەندەها کاری ئەدەبی و ڕۆمان و کورتەچیرۆکی نوسیوە، دیارە ئەو پەنچە و پێنووسەی لە نووسینەوەی ئەم کارەیدا بەکاری هێناوە، بەڕوونی دەست و پەنجەی ڕۆماننووس یان چیرۆکنووسێکە. ئەمەش مافێکی سروشتی نووسەر خۆیەتی. نووسەر هەوڵیداوە هاوسەنگییەک (بەڵانسێک) لە نێوان تێکستە ئەدەبی و شیکارە زانستییەکاندا بکات، باڵام بە بیروڕای من ستایلەکە تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان.

خاڵبەندی:

ڕەنگە لە ستایلی نوسینەوەی چیرۆک یان ڕۆمان یان زۆر بەرهەمی ئەدەبیدا خاڵبەندی دەورێکی ئەوتۆ نەبینێت، ئاخر فەنتازتای بیر و هەستی ناوەوەی نووسەر بێسنوور دەمێننەوە. بەڵام کاتێک باس لە نووسینەوەی بابەتێکی زانستی دەکەین، دەبێت گەلەک ئاگاداری لایەنی خاڵبەندی بین. بەرهەمە ئەدەبییەکان جۆرێک لە فەنتازیا و تەوس و لێکچونی جیاجیا لە خۆیان دەگرن، کە خەڵبەندی دەوری زۆر گرنگیان تیا نابینن. خاڵبەندی لە کارێکی زانستیدا دەستنیشانکەری پنتی ئارگومێنتەکانن، هەر لەبەر ئەوەشە دانانی خاڵ لە ڕستەکاندا زۆر گرنگن. خاڵبەندی پێمان ئەڵێت سەرەتا و کۆتایی ڕستەیەک چیمان ئاڕاستە ئەکات، بەڵام لە ستایلی نووسینی ئەم کتێبەدا خاڵبەندی زۆر بەلاوە نراوە. نووسەر لە لاپەڕەی ٧٢ی کتێبەکەدا بەم شێوەیە دانووستوانی کاری خاڵبەندی ئەکات:"مەحاڵە بتوانم ڕێز لە خاڵبەندی بگرم، ئەو داڕسکان و داڕژران و داڕووخانە وەها کوشندەیە کە من گەمارۆ دەدات لە قۆناغی هاوار و زریکەدا بژیم و فریای خاڵبەندییەکی باو و ئەکادیمییانە نەکەوم، چونکەخوێن و فرمێسک و ئارەقە بۆ خۆیان زمانن".بەڵام بە ڕای من خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا تووشی جۆرێک هیلاکی دەبێت، چونکە ماناکان شاراوە دەبن و خوێنەریش نازانێت مەبەستی نووسەر چییە. نووسینێک، کە باس لە زانستەکان بکات و بەڵگەی زانستی بخوازێت، ئەبێ ڕستەکانی زۆر شەفاف و ڕوون بن. ئەرکی کاری زانستی ئاسانکارییە نەک گرانکاری. نووسەر لە شیکاری بابەتەکاندا وشەی "تێرمان" بۆ سەرنجەکانی ئەم کتێبە بەکاردەهێنێت. ئەگەر وشەکە بەو مانایە بەکارهێنراوە، کە لە دەرگای زانستەکانی تر بدات، ئەوە بێگومان خاڵبەندی زۆر گرنگە.

دووبارەبوونەوە:

سیستەمێکی پەروەردەیی داڕماو و کۆن و خەرەکئاسا بوونەتە هۆکاری داڕمانێکی ئەخلاقی و کەسی، کە کۆمەڵگاکانی ئێمەی تووشی چەندەها کارەسات وداڕمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی کردووە. مرۆڤی تێکشکاو و مەرگدۆست و مێگەلپەرست کاڵای ئەو کارگانەن، کە لە لەدایکبوونیانەوە تاکو مردن خۆ لەنێو تابوتەکانیان دەنێن و دەمێننەوە. سەرئەنجامی کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە لە پێداگۆگی دەبنە ئەنجامگەیاندنی جەنگەکان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ. ئەمە جەوهەر و ناوەڕۆکی بەشە سەرەتاییەکانی ئەم کتێبەن. نووسەر ئەم تێزە لە زۆر شوێن و بەشەکانی کتێبەکەدا دووبارە دەکاتەوە. ڕەنگە نووسەر هێندە داخلەدڵ و بریندای ئەو هەموو دیاردە ناشرینانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتی کوردی بێت، کە ڕستەکان دووبارەو چەندبارەیان بکاتەوە. بەڵام ئەم دووبارەبوونەوەیەش خوێنەر هیلاک ئەکات و لە کۆنتێکستی و فۆرمی کاری زانستی بێبەریان بکات. ڕستەی درێژ و پنتی بێکۆتایی لە ستایلی زۆر نووسینی تازەدا، بە تایبەتی زانستییەکاندا، بەسەرچووە. ڕەنگە دیاردەی دووبارە و سێبارە بوونەوە تەرز و شێوازێکی کۆمۆنیکاسیۆن بێت لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا.

دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی کارەکە:

بەداخەوە لە ناو هێنانی کەسەکانی ناو بابەتەکاندا سەرچاوە و زانیارییەکان ونن، بۆ نموونە کاتێک نووسەر باسی میشێل فۆکوی فەیلەسوف و کۆمەڵناس دەکات، ئەوا دەستنیشانی هیچ سەرچاوەیەکی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسیە ناکات. لەم بارەیەوە خوێنەر دەبێت خۆی بەشوێن سەرچاوەکاندا بگەڕێت. ڕەنگە هەندێجار خوێنەر پێویستبکات یان ئازابێت، خۆی بەشوێن هەندێ سەرچاوەدا بگەڕێت، بەڵام نەک بە شوێن هەموو سەرچاوەیەکدا. گەلێک لە نووسەران و فەیلەسوفەکان و زانستەوانەکانی جیهان لەم کتێبەدا باسکراون، بەبێ ئەوەی سەرچاوە زانستییەکان ناوزەند بکرێن. دیارە لە نووسینێکی ئەوهادا کە باس لە زانستەکان دەکرێت، سەرچاوە زانستییەکان نابێت بێبەشبن لە نووسینەکەدا، بەتایبەتی خوێنەوارانی کورد لە وڵات، کە ڕەنگە زۆر شارەزایی و زانیاریان لەسەر تێکست و سەرچاوە ئەوروپییەکان بەزمانی ئەورووپی نەبێت.

جیاوازییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا:

نووسەر وەک باسکرا ڕۆژهەڵات بە تاریکستان و تاریکهەڵات، مرۆڤەکانی بە مەرگدۆست و مێگەلپەرست، دەزگاکانی بە خەرەکەشکاو و ئامێرئاسا، پەروەردەکەی بە خەرەکەی ئاش و بەسەرچو و کۆنەپاتاڵ ناودەبات. بۆیە کۆمەڵگەیەکی پڕتاریکی و قەدەرهێنەرانە بەئەنجام دەهێنێت. زانیارییەکانی دووبارە و سێبارەن تاکو دەگاتە بەرزترین جێگەی زانستی کە زانکۆکانە. سیاسییەکانی ملهوڕ و گەندەڵ، نادیموکرات و خۆبەرەپێش و شاگردەکانیشیان ماستاوچی و گوێڕایەڵی گەورەکانیانن. لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا مرۆڤی بێهێز و کەمئیلهام دروست دەبێت.

ڕۆژئاوا خاوەنی ڕێنیسانس و شۆڕشی تەکنەلۆجیایە، مرۆڤەکانی ئازادتر و ئازادی تاکەکەس (ئیندیڤیدوالێتی / ئیندیڤیدوالیزم) پارێزراوە. سیاسەت شەفاف و دەزگاکانی دەوڵەت دابەشکراون، ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشدارن، پەروەردەش جێگەی دانوستان و لە پەرەسەندندایە. لێرەش مرۆڤی گوێڕایەل و ملهوڕ هەنە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا.

ئەم لێچواندنە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە ڕای من بەووردی دەستنیشان نەکراون، چونکە زۆر لایەن و بواری تر هەن، کە دەبێت قووڵتر و زانستیانەتر شیکاریان بکەین. دیارە لە هەردوو جیهانەکەدا دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسی هەن، کە سەرنجی ڕەخنە و تێبینین. سەرەڕای ئەوە نووسەر زۆر بە وردی و کارامە باسی ئەو کەسانە ئەکات، کە لە کۆمەڵگەنی ڕۆژهەڵاتدا بە مرۆڤی نائاسایی و سەرکێش و ڕەخنەگر ناویان دەبرێن، ئەمانەش بریتین لە نووسەر و ڕۆژنامەوان و فەیلەسوف و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران. بە داخەوە ئەم بارە تاکو ئێستاش ڕاستیەکی ڕوون و ئاشکرایە، "ڕۆژهەڵات بیر و هزر کوژە". دیارە کۆمەڵگەکەنی ئەوروپاش بە چەندەها قەیران و تەنگهەڵچنین و ئاڵۆزی مێژوویی جۆراوجۆردا تێپەڕیون و تێئەپەڕن، ئەو هەموو نووسین و کۆمێنتە ڕەخنایییانەی لە لایەن نووسەرە ئەورووپییەکانەوە لە سەدەکانی ڕابردوودا بەڵگەن بۆ ناهەمواریی باری کۆمەڵایەتی و کەسی مرۆڤی ئەورووپی.

لایەنی ڕۆحی و ناخ لە نوسینەکەدا

ئازاری دەروونی نووسەر بە پەنجەی دەستەکانییەوە دیارن، تووڕە و ماندووی ڕێگەیەکی پڕ دڕکاوین، پەستە لە کۆمەڵگەیەکی دژەمۆدێرن، مرۆڤەکانی لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامدان. ئەمە هەستی نووسەری گەلێک بریندارکردووە. ئەم لایەنە ڕۆحییە، هەژانی دەروونە، بارێکی سایکۆلۆژی سەخت دێنێتە گۆڕێ، بۆیە نووسەر لە تەواوی نووسینەکەیدا تووڕە و ماندووبوونی ناوەوەی ڕۆحی پەخشاندەکات، ئازارەکانی کۆمەڵگایەک، کە نووسەر ڕۆژانە بە هەستێکی مرۆڤدۆستانەوە دەیاننۆشێت و ئازاری ناوەوەی ئەدەن. دیارە نووسەرێکی هۆشمەند و هەستیار و بەرپرسیاری وەک شێرزاد حەسەنیش بێبەرنابێت لەم ئازارانە.

ژیاندۆستی و مەرگدۆستی

بابەتی ژیان و مەرگ لە زۆرینەی ئەدەبیاتی جیهاندا ئاوێتەکراون، بە جۆراوجۆر توێژێنراون و مامەڵەیان لەمەردا کراوە. مەرگ وەکو کۆتایی، کە دەبێتە سەرەتایەک بۆ زیندەوەرانی تر. لە تەواوی کتێبی "کارگەکانی تابووت"دا هەست بە جۆرێک مەیل و لادانێکی ڕۆشن بەئاڕاستەی مەرگدۆستیدا ئەکەین. نووسەر لەو باوەڕەدایە، کە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتدا مرۆڤ لە مردنێکی ئەبەدیدایە، هەر لە دایکبوونەوە تاکو کۆتایی ژیانی. هەڵبەتە ئەم ئاڕاستەیە لە بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگەکان خۆیانەوە هەڵهێنجراون، کە ڕۆژانە لە جەنگێکی بەردەوام و نامرۆڤدۆستانەدا نوقمکراون. نووسەر پێیوایە، کە مناڵ دوای لەدایکبوونی بە تونێلێکی ڕەشدا دەبرێت و لە کۆتایی تونێلەکەشدا تابووتێک چاوەڕوانێتی، واتە مناڵەکان هەر لەدوای لەدایکبوونیانەوە دەبنە کۆیلە و قوربانی ترادیتسیۆنێک، کەلەنێو خانەکانی کۆماڵگادا لەقاڵب ئەدرێن. دیارە ئەم لەقاڵبدانە لە زۆربەی کۆماڵگاکاندا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەسەر سیستەمی پێداگۆگیدا زاڵە. ئەم جۆرە دید و تێڕوانینە لەدایکبوون و سەرهەڵدانی عەبەسییەتێکە، کە سەرهەڵدانی ماتەمینیە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا.

سەرهەڵدانی فەلسەفەی عەبەسییەت لە ئەوروپا لەسەدەی پێشودا، بەتایبەت لە فەرەنسا، کە ژان پۆل سارتر، ئەلبێرت کامۆ، سیمۆن دیبڤوا و گابرێل مارسێل هەڵگر و باوەڕپێهێنراوی بوون، نموونەی دژەکاردانەوەی ئەو جەنگە وێرانکاریانە بوون، کە لە ئەوروپا بەرپاکراون. هەڵبەتە دەتوانرێت نووسەری ئەم کتێبەش بە هەندێک لەم نووسەرانە بچوێنرێت، کە ئاوێنەی ڕۆژهەلاتمان، بە قەولی خۆی بە ڕەشهەڵاتی پێشان ئەدات. نووسەر هیلاکی و ماندووبوونێکی ئێجگار زۆری پێوەدیارە، نوکی پێنووسەکەی دەلەرزێت، کاتێک باسی ئەو دەڤەرەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، چوون تاڵی و زەخنەخ بە قوڕگیدا کراوە. لێ پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا ژیان بە مانای مردنە؟ یان ژیان ڕاستەخۆ دەچوێنرێت بە مەرگ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسارانە نموونەی مێژویی زۆرن، کە لێرەدا دەستنیشانی بیر و هزری هەنا ئارێنت* دەهێنمەوە بە نموونە.

ئەم ژنە فەیلەسوفە ئەڵمانی ـ ئەمەریکیە، کە خۆی زیاتر بە توێژەرەوەناسێک دەبینێت، سەرەڕای کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دووهەم و خۆشی وەک ژنێکی یەهودی، گەشبین سەیری ژیانی کردووە، سەرەڕای ئەو هەموو تاڵییەی لە ژیانی وەکو ژنە یەهودییەک بەسەر بردووە. لە هەموو نووسینەکاندا دژی فاشیستی و هۆلۆکۆست و ڕژێمەکەی هێتلەر وەستاوەتەوە، بەلام سیستەمی پلوڕالیستی بە تەنیا جێگر و ئەلتەرناتیڤێک دەزانێت بۆ ژیانێکی هەمەلایەنی و جۆرەکان. ئارێنت کەسێکی ژیندۆست مایەوە، سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتانەی، کە بەسەر یەهودییەکاندا هاتووە، بۆیە دژی هەموو جۆرێکی تۆتالیتاریزم بووە لە جیهاندا. ئەو مرۆ هەر لە دایکبوونییەوە بە کەسێکی جیاواز و داهێنەر پێناسە دەکات، بۆیە دژی تاکی ئەبستراکت (مجرد) بووە. بیرکردنەوەکانی لەسەر بناغەی لەدایکبوونەوە، نەک لەسەر مردنەوە هەڵهێنجراون. ئەو هەر پێیوابووە، کە بە تەنیا ژیانی پێکەوەیی لەگەڵ مرڤەکانی تردا کۆمەڵگەیەکی پلوڕال و هەمەجۆر بەرهەم دێنێت، کە بە هۆیەوە سەرەتایەک، کە بە سەرەتای دەستپێکردنەوەیەکی نوێ ناوزەد دەکات، لەم پەیوەندییەدا مەرجداری دەکات بە چالاکییەکانی مرۆڤ خۆیەوە. ئارنێت ئەم کۆمپلێکسە دەبەستێتەوە بە کارکردن، بەرهەمهێنان و مامەڵەکردنەوە لەتەک یەکتردا. کۆمەڵگەکانی ئێمەش هەر لە ئەنجامدا دەبێت بە سەرەتایەکی ئارنێتیدا بڕوات، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، کە عەقلانییەتی کۆمەلایەتی سەروەرە و ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە شێوەیەکی دیموکراتی ناهەڕەمی لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە دابەشکرابێتن. دیارە من لێرەدا نەمەوێت شێرزاد حەسەن بە هانا ئارێنت بچوێنم، بەڵکو دیاریکردنی دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ دیاردەکانی کۆمەڵ. شێرزاد حەسەن ڕووناکییەک نابینێت، کە لە ئێستاو لەم دەڤەرەی ئێمەدا ڕوناکییەک ببەخشێت و هیوایەک، ئەگەر کەمیشبێت، بداتە نەوەکانی داهاتومان.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا گرنگە دەستنیشانی ئەوە بکرێت، کە نووسەری ئەم کتێبە نەترسانە برینی کۆمەڵگایەکمان بۆ هەڵدەداتەوە، کە لێوانلێو بریندارە بە هۆی سیستەمێکی هەرەمی سەپێنراو، پەروەردەیەکی کۆن و پاتاڵ، نقومبوو لە بەناو دینداری سیاسی ڕادیکاڵ، باوک و دایکانێک، کە کۆپی مناڵ و وەچەکانیان دەکەن. کۆمەڵگای ئێمە زیاتر پێویستی بەم جۆرە ڕەخنەو بیرووبۆچونە هزریانە هەیە، وەک پەندێکی کوردی دەبێژێت: "ئەو کەسەی دەتهێنێتە گریان، دڵسۆزتە."

* هانا ئارێنت توێژەرەوەناس/فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ساڵی ١٩٠٦ لە شاری هەنۆڤەر لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری نیۆرک کۆچی دوایی کردووە.

**بەشی دووەم**

**<u>تێگەی (مفهوم)ی نامۆبوون</u>**

تێگەی نامۆبوون لە کتێبی "کارگەکانی تابووت"دا زیاتر تێگەیەکی سۆسیۆ-کولتووریی و گەلەکییە(کۆلێکتیڤییە)، لێ هەندێک جار هەنگاو دەنێتە نێو بواری دەروونناسی (پسیکۆلۆژی)یەوە. نووسەر زۆر بەڕوونی لەم بازنەیەی نامۆبوونی گەلەکیدا دەمێنێتەوە و شرۆڤەی دەکات، یان بە قەولی خۆی بە شیزۆفرینیا و هیستریایەکی دەستەجەمعی و ڕۆحی ناوزەدی دەکات. وەک ئەو خۆی دەنووسێت: "خودی ئەم لەتوکوتکردنە لە باری ڕامیارییەوە بووەتە مایەی شیزۆفرینا و هیستریایەکی دەستەجەمعی و ڕۆحی هەر یەک لە ئێمەی داغان کردووە و ..." (لاپەڕە ٤٥). دیارە نووسەر هۆشداری و ئاگاداری نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکاتەوە و دەیەوێت ڕایانبچڵەکێنێت، کە کولتوورە زاڵەکانی هەزار ساڵەی ئەرەبی و تورکی و فارسی کارەکتەری مرۆڤی کوردی و کولتوورەکەی ئەویان بەرەو ئاستەنگێکی مێژوویی و دەروونی بردووە و دەبات، کە بە نامۆبوونێکی گەلەکی (کۆلێکتیڤی) و تاکەکەسی (ئیندیڤیدوێل) کۆتاییان دێت. پێش ئەوەی بچینە ناوەڕۆکی ئەم باسەوە، پێمباشە ئاوڕێکی مێژوویی لە تێگەی نامۆبوون لە بوارەکانی فەلسەفە (فیلۆسۆفی) و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلوژی) و کەمێک دەروونناسی (پسیکۆلۆژی) بدەینەوە.

زۆرێک لە توێژەر و فەیلەسوف و کۆمەڵناس و گەلناسەکان (ئێتنۆلۆژەکان)ی جیهان شیکار و توێژینەوەی جیاوازیان لەسەر تێگەی نامۆبوون کردووە، لەوانە: ئەرستوتێلیس، ژان ژاک ڕۆسۆ [1]، هێگڵ و مارکس، جگە لەوە زۆرێک لە فەلسەفەکانی قوتابخانەی فرنکفورت، تا دەگات بە هزرمەندانی لێرەبوونگەرا و نیهیلستی (عەبەسیی)، وەک ژان پۆل سارتەر، سیمۆن دی بوڤوا، ئەلبێرت کامۆ و زۆرێکی تری ناوبانگدارە جیهانییەکان لەم بوارەدا توێژینەوەیان کردووە. ڕۆسۆ بۆ نموونە بەڕوونی باسی دەکات و دەڵێت کاتێک مرۆڤ لە سروشت جیادەبێتەوە، ئیتر لە خۆی نامۆ دەبێت، لەم بارەشدا خۆپەرستی زاڵ دەبێت بەسەر خۆخۆشویشتندا. واتە کاتێک مرۆڤ لە سروشت جیا دەبێتەوە، کە باوەشی پڕسۆز و خۆشەویستی دایکانەی ئەوە، پرۆسەی نامۆبوون دەستپێدەکات.

لەوە زیاتر ڕوونکردنەوەی تێزەکانی ڕوسۆ، بەڵام هەروەها هێنانی هێگل بۆ بەر باس، لە چوارچێوەی شیکاری ئەم نووسینە دەردەچن، ئاخر هەر یەک لە ئەوان توێژینەوەی تایبەت بە خۆی گەرەکە.

<u>تێگەی نامۆبوون بە مانا کۆلێکتیڤەکەی (گەلەکییەکەی)</u>

کارل مارکس کێشەی نامۆبوون لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا بە شێوە گەلەکییەکەی (کۆلێکتیڤ)یەکەی ئاوەڵا دەکات. ئەو لە دەستنووسە "فەلسەفی-ئابوری"یەکەیدا نامۆبوون بە خۆدەردان([2] ناوزەد دەکات.

مارکس ئەم تێزەی لە تێزە فەلسەفی-ئایدیالیستییەکەی هێگلەوە وەرگرتووە و ماتەریالیستیانە داڕشتۆتەوە. مارکس پێیوایە نامۆبوون لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا دێتەگۆڕێ. لە پرۆسەی کاردا بەرهەمی کرێکار (مارکس بە پرۆلیتاریا ناوزەدیان دەکات) بە ئەو خۆی نامۆیە، چونکە خاوەنداری بەرهەمەکەی خودی خۆی نییە، بەڵکو سامانی کەسێکی ترە، کە بە خودی ئەم نامۆیە. کرێکار لەم پرۆسەیەدا تەنانەت لە خودی خۆی نامۆ دەبێت یان وا هەستدەکات بووە بە بەشێک لە ماشێنەکانی بەردەستی. مارکس ئەم نامۆبوونە بە تێگەیەکی گەلەکی (کۆلێکتیڤ / دەستەجەمعی) شیکار دەکات. لەم ڕوانگەیەوە خاوەنداریی تایبەتی هۆکاری نامۆبوونی کرێکارە، لێ سوودی کار و بەرهەمی کارەکەی دەچێتە دەستی کەسێکی ترەوە، کە مارکس بە سەرمایەدار / کەپیتالیست ناوزەدی دەکات. مارکس پرۆسەی کار بە سەرچاوە و پنتی سەرەکی سەرهەڵدانی دیاردەی نامۆبوون لە تەواوی مێژوودا دەناسێنێت، بە هەموو فۆرم و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەوە هەر لە پەیوەندییە جڤاکیەکانی کۆیلە و خاوەنکۆیلەدا، لە کۆمەڵگەی فیۆداڵی سەدەکانی ناوەنددا (دەرەبەگایەتی) تا دەگات بە سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری و فاشیزم و سۆسیالیزمیش، کە نووسەر باسیان لێدەکات. گەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە تێزەکەی مارکس لەمەر تێگەی نامۆبوون، دەبینین، کە لە فۆرم و سیستەمی سەرمایەداریدا هەر تەنیا کرێکار نییە کە نامۆیە بەرامبەر بەرهەمی کارەکەی و بە خۆیشی، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەم سیستەمەدا لە ئاستەنگێکی تاکەکەسی و گەلەکی ئەوتۆدان، کە تەواوی مرۆڤایەتی بە نێوان و نامۆبوونێکی ئەبەدیدا تێدەپەڕێنێت. کەواتە تێگەی نامۆبوون مۆرکی تەنیای کۆمەڵگەی مۆدێرن نییە، بەڵکو لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها لە فۆرم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە مارکس بە ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکان ناوزەدیان دەکات، بەرجەستە بووە و دەبێت. تاکو ئەمڕۆش سیستەمی سەرمایەداری ناتوانێت یان نایەوێت چارەسەرێکی مرۆڤدۆستی بۆ دیاردەی نامۆبوون بە شێوەیەکی گشتی بدۆزێتەوە یان بەرەنگاری بێتەوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی ئەم پرۆسەیە لە توانا و هێزە سروشتی و مادییەکانی ئەم سیستەمەشدا نەماون. مرۆڤەکانی ئەوروپا و زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان بە سیستەمێکی ئەوتووە وابەستکراون، کە بە ئارەزووەکانی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە / کاپیتالیستییە هەڵسوکەوت دەکات. ڕەنگە گەلێک تیۆری باس لە هێورکردنەوەی نامۆبوون لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بکات، لێ دەروویەکی تایبەتی تاکو ئێستا بۆ ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە نەدۆزراوەتەوە و ناشدۆزرێتەوە.

<u>تێگەی نامۆبوون لە سۆسیۆلۆژیدا (کۆمەڵناسیدا)</u>

کۆمەڵناسی فەرنسی ئێمیل دورکهایم (3) لەو باوەڕەدایە، کە نامۆبوون بە لەدەستدانی ترادیسیۆنە (سونەگەراییە) جڤاکیەکان و دینییەکان بەرجەستە دەبێت. بۆ زۆر سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵناسی) ئەورووپی لە سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ دا تێگەی نامۆبوون جێگەی سەرنج و توێژینەوەکانیان بوو، بەو مانایەی، کە نامۆبوونی مرۆڤ لە ئەنجامی پرۆسەی تاکگەراییەوە و دابڕانی، بۆ نموونە خێزانەوە، سەریهەڵداوە و گیرۆدەی بووە. کەواتە نامۆبوون لە تێگەی کۆمەڵناسیدا بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ لە دەرئەنجامی پرۆسەی بەتاکبووندا (ئیندیڤیدوالیزاسیۆن) پەیوەستییە سەرەتایی و بنەڕەتییەکەی خۆی بەرامبەر خێزان لەدەستدەدات. هاوسەنگییەکە ڕوونە، نامۆبوون لە ئەنجامی پرۆسەی بەشارستانیبوون (لایەنە سۆسیۆلۆژییەکە)، نامۆبوون لە پرۆسەی پێداویستیی بەرهەمهێنانی تەکنیک لە پرۆسەی کاردا و دابڕانی لە سروشت (لایەنە فەلسەفەیی و ئابورییەکەی). لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە مرۆڤ خۆی وەک نامۆیەک هەنگاو دەنێتە ناو کۆمەڵگەوە، ئاخر تاک لە کۆمەڵگەدا لە پاڕادۆکسێکدا دەوران دەخوات و لەم پرۆسەیەشدا ئاوارە و سەرگەردان دەمێنێتەوە (بە هۆکاری کۆمپلێکسەکانی / ئاڵۆزییەکانی ناو کۆمەڵگە). وابەستەیی و میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان لە تێگەی نامۆبووندا زۆر بەچڕی هەڵسەنگێنراون. فەیلەسوفانی

ئەڵمانی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر(4) لە تێزەکانی "دیالێکتیکی ڕۆشنایی"دا تێگەی نامۆبوون لە بواری سۆسیۆلۆژیدا ڕووندەکەنەوە، کە دەستبەسەراگرتن و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشت لە بەشارستانیبووندا (ڕەنگە مەبەستی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر لە پرۆسەی بەشارستانیبووندا بوویێت) نرخەکەی بە نامۆبوون کۆتایی دێت. هاتنەدەرەوە (دەرچونی سنووردارکراو) لەم نامۆبوونە بە تەرکیزکردنە سەر هزر (هۆشمەندی) و کولتوور بەئەنجام دەگەیەنرێت.

## تێگەی نامۆبوون بەمانا مۆدێرنەکەی (نامۆبوونی ئیندیڤیدوێل/ تاکڕەوایی)

پرسیاری گرنگ لەم پنتەدا ئەوەیە، کە ئایا نامۆبوونی سەدەکانی ناوەند و پێشتریان لە چەند ڕووەوە بە نامۆبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا جیاوازن. ڕەنگە ئەم جیاوازیانە لە چوارچێوەی ئەم نووسینە دەربچن. ئەوەی لە تەواوی مێژوودا ڕوونە، ئەوەیە کە مرۆڤ لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا بەردەوام لە نامۆبوونێکی ئیندیڤیدوێلی (تاکڕەوایی / تاکەکەسی) و کۆلێکتیڤیدا ژیاوە و بەردەوامیشە لەم پرۆسەیەدا. دیارە یەکێک لە هێماکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن دیاردەی سەرهەڵدانی ئیندیڤیدوالیزمە بە هەموو ماناکانیەوە. مرۆڤەکانی دەڤەری ئەوروپا بە پرۆسەیەکی تاکگەرایی ئەوتودا تێپەڕیون، کە تاک لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیدا ئازادانە "زۆربەی" بڕیارەکانی ژیانی خۆی دەدات (ئەمە جیا لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان، کە تاکو ئێستاش ڕێگری یەکەمی ئازادییە تاکگەراییەکانە). لوتکەی پرۆسەی تاکگەرایی لە ئەوروپادا، بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا، جوڵانەوەکانی ساڵانی شەستەکان بوو، کە لاوان ڕژانە سەر شەقامەکان و ئازادی تاکەکەسییان لە پێشەوەی داواکانیاندا بەرزڕاگرت. ئەمەش بە بەشێکی سەرەکی لە درزاندنی پەیوەندییەکانی تاک بە کۆمەڵەوە دەژمێردرێت. ئازادی تاک بۆتە پنتێکی چەقگر لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و بەشێکی نەبڕاوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

پرسیاری گرنگ لەم ئاستەنگەدا ئەوەیە، کە ئایا نامۆبوونی سەدەکانی پێشتر جیاوازییان لە نامۆبوونی جیهانی مۆدێرن چییە؟ لەدوای بەرپابوونی ڕێنێسانس لە ئەوروپا و بەرەوپێشچونی پیشەسازی و پێکهاتنی کۆمەڵگەی مۆدێرن لە کولتوورەکانی ڕۆژئاوادا، تاکڕەوایەتی زیاتر بەرجەستە و جێگیربوو. نامۆبوون بوو بە مۆرکێکی لێکنەبڕاوە. ئاڵۆزییەکانی ژیان و ئاڵۆزی (کۆمپلێکسی) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاکەکەسی زیاتر بەرەنگاری پشێویی دەروونی و نامۆبوون بە خۆ و سروشت و دەووروبەرەکەی کردەوە. نەخۆشییە دەروونییەکان بوون بە بەشێکی بەردەوام و نەبڕاوەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و پرۆسەی نامۆبوونی. تاکەکەسی کۆمەڵگەی مۆدێرن نامۆکراوە بە خۆی و سروشت و تەنانەت بە مرۆڤەکانی دەوری، پەیوەندییە سەرەتایی و سروشتییەکانی خۆی لێسەندراوەتەوە. سەرقاڵی ژیان خۆی بووە بە میکانیزمێک، کە داپچڕانی مرۆڤ بە سروشتەوە پرۆگرامکراوە. ئەمەش نامۆبوونە، چونکە مرۆڤ ژینگەکەی و سروشتی بە نامۆ دێتە بەرچاو. سەدەکانی پێشووتر مرۆڤەکانی زیاتر بە کۆلێکتیڤی (گەلەکییانە) نامۆکردووە، مۆدێرنە بەشێوەیەکی ئیندئڤیدوێل، بەڵام هەردوو نامۆبوونەکە دەبنە مۆرکی پرۆسەیەکی بەردوام لە سەردەمی مۆدێرندا.

لە ڕووی دەروونناسییەوە / پسیکۆلۆژییەوە ناوزەدکردنی نەخۆشییە دەروونیەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن سەلماندنی ئەم ڕاستییەیە، نەخۆشییە دەروونیەکانی وەک تراوما (خورپەی / برینداربوونی دەروونی)، شیزۆفرینیا (جوتڕەوشتی)، هیستریا (پشێوی دەمارگیری یان هەستەدەمار)، دیمێنس (خەڵەفاوی لە پیریدا)، دێپرێسیۆن (غەمۆکی)، کۆمپلێکسی / گرێی خۆبەکەمزانی، ترس و دڵەڕاوکێ، کەمهۆشمەندی (أ.د.هە.س)، لەدەستدانی واقع (پسیشۆزە)، تێکچوونی باری کەسایەتی، لەدەستدانی مەیلی خواردن و

چەندەها نەخۆشی دەروونی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان. بوونی دیاردەی ئەم نەخۆشیانەش بێگومان لە کوردستانیش هەیە و بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەیان کردووە.

## نامۆبوونی کولتوری (سۆسیۆ-کولتوری)

ڕەنگە ئەم نامۆبوونە زیاتر لە تێزەکانی نووسەری "کارگەکانی تابووت" نزیکبێتەوە، واتا بە کۆمەڵگەیەکی کوردی ژەهراویکراو و تێگلاو بە سوننەگەرایی (داب و نەریتی) کولتوری ئەرەبی-ئیسلامی. نووسەر باسی ئازارە دەروونییەکانی تاکی کورد لە ڕوانگەیەکی پسیکۆلۆژیەوە دەکات، بەڵام ئازارەکان لە چوارچێوەیەکی گەلەکیدا (کۆلێکتیڤدا) قاڵبرێژکراوە. تاکی کورد سەرگەردان و نامۆی ئەو کاریگەرییە هەزارساڵییەی کولتوورێکە، کە لە کولتووری خێڵەکی ئەرەبی-ئیسلامی، کە سەرچاوەکەی دورگەی ئەرەبییە، سەریانهەڵداوە. نووسەر لە لاپەڕەی ٣٢٦ دا ئەم تێکەڵە کولتوورییە بەزۆر سەپێنراوە بەڕوونی هەڵدەسەنگێنێت: "ئەم کولتوورە تاریکپەرست و ڕەش و هەڵزڕاوە ناتوانێت بەرهەمی جوانتری لە داعش هەبێت... ئەم ئاشە هەر دەگەڕێت و دەگەڕێت و بارشەکەیشی خوێن و فرمێسکی ملیلیۆنەهایە!". یان لە لاپەڕەی ٣٤٤ دا دەنووسێت: "نامۆیی بۆ خۆی چارەنووسی ئێمەیە، چونکە بە تەواوی لە دۆخێکی هیستریادا دەژین کە بە جیهانی ناوەوەمان نامۆ و بێگانەیە، ئێمە هەر هەموومان بە خۆمان بێگانەین، هەر لەبەر ئەوەیشە کە بێگانەین بە یەگدی". لێرەدا تێکەڵەی ئەو دوو جۆرە لە نامۆبوون هەیە، کە لە سەرێکەوە تاکەکەسی (ئیندیڤیدوێل) و لە سەرێکی ترەوە نامۆبوونێکی کولتوورییە. ئەم تێزە لێوانلێو بە نامۆبوونی گەلانی ژێردەستەی سەدەکانی کۆلۆنیالیستی دەچوێنرێت، کە کولتوری سەردەستە و تێکەڵەیەکی ژەهراوی بووە بۆ گەلانی بندەستەی کۆلۆنیالەکان و نامۆبوونیش بەرهەمێکی پرۆگراماتیکی ئەم تێکەڵە کولتورییە بووە.

گەر ئاوڕێک لە مێژووی کۆلۆنیالیزم و تێکشکان و شێواندنی کولتورە ژێردەستەکان و کۆلۆنیالیزەکردنی بەشێکی زۆر لە جیهاندا بدەینەوە، زبڵخانەیەکی قێزەوەنئاسا دەبینین، کە تێیدا نامۆبوونی کولتووری زۆر بەڕوونی لە شێوە کۆلێکتیڤەکەیدا دەبینرێت. مێژووی ٢٠٠ ساڵەی ئینگلیز لە هیندوستان و بندەستەیی و وابەستەیی کیشوەری ئەفریقا بە کۆلۆنیالیستەکانەوە، دابەشکردنی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین لە نێوان کۆلۆنیالیستە ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا نمونەی نامۆبوونی کۆلێکتیڤی مۆدێرنن بە هەموو ڕووەکانییەوە. کولتووری سەپێنراوی ئینگلیزی بەسەر گەلان و دیانەتەکانی هیندوستاندا بە نامۆبوونێکی کولتووری/ کۆلێکتیڤی دەژمێردرێت، کە بە تێکەڵەیەکی دوو کولتووری زۆر جیاواز و نامۆ بە یەکتر دەناسرێت، لێکدەدەن و دەیکەنە تێکەڵەیەکی ئەوتۆ، کە تاکو ئەم ڕۆژگارەش هاوسەنگی یەکتر نابن. کۆلۆنیالیزم یان داگیرکەر، کە بە ئیمپریالیزمیش ناوزەد دەکرێت، هەوڵی جۆرێک لە سڕینەوەی کولتووری ئەو گەلانەی بندەستی خۆی داوە، هەر وەک فرانس فانۆن"[5] ڕونیدەکاتەوە، کاتێک کۆلۆنیالیستەکان ئەم گەلانە بەجێدەهێڵن، کولتوورەکانیان بە تەختەی ڕەشی بەتاڵی قوتابخانەکان دەچوێنرێن. گەلانی ئەو دەڤەرە تاکو ئەمڕۆش وابەستەی ئابووری و سیاسی کولتووری سەپێنراوی خۆیان کردووە. ڕەنگە ئەم ڕاڤەیەی فانۆن زیاتر نزیکبێتەوە لە بیروڕاکانی شێرزاد حەسەن. کتێبەکەی فانۆن بە ناونیشانی "کڵۆڵەکانی ئەم سەرزەمینە" بووە بە ئایدیایەکی کاریگەر و گرنگ دژی کۆلۆنیالیستەکانی جیهان، کە لە دوای مردنی فانۆن خۆی بڵاوکرایەوە و سارتریش پێشەکی بۆ نووسی. لە کتێبی "پێستی ڕەش و دەمامکی سپی"دا فانۆن بەڕوونی باس لە نامۆبوونی مرۆڤە ڕەشپێستەکان لە کۆمەڵگەیەکدا دەکات، کە لەژێر دەستی کۆلۆنیالیستەکاندا دەناڵێنن. فانۆن لەم پەیوەندییەدا ڕوودەکاتە توندڕەویی بەرامبەر ڕەشپێستەکانی ئەفریقا لە لایەن کۆلۆنیالیستە فەرەنسیەکانەوە، کە کولتورەکانیان تووشی نامۆبوون و نەخۆشی کراون. فانۆن وەک

دکتۆرێکی دەروونناس چارەسەری گەلێک نەخۆشی دەروونیی ڕەشپێستەکانی کردووە و لە ئازارەکانی ناخیان تێگەیشتووە.

کوردستانیش وەک لێچونێک بە دەورانی کۆلۆنیالی هەمیشە لەژێر ئەم تێکەڵە کولتورییەدا ناڵاندوویەتی و بەشێکی زۆری نامۆبوونە کولتوری (سۆسیۆ-کولتورییەکە)ی تاکی کوردیشی لە دەورانێکی دەروونی هەمیشەییدا خەملاندووە. شێرزاد حەسەن زۆر بەئاشکراو ئازایانە لە لاپەڕە ٣١٨ دا دەبێژێت: "کوردستان نموونەیەکە لەو نموونە زۆر خراپانەی میراتی فیکری عەرەبی، کە بەدرێژایی سەدەکانی لەسەر ناعەقلانیەت بەند بووە، کە بڕوای بە هیچ گومان و پرسیارێک نییە. پەروەردەی منداڵانی کورد بە فیکری ترسناکی وەهابییەکان لە هەموو شار و گوندێکی باشووری کوردستان دەدۆزینەوە." لەم ڕوانگەیەوە دروستکردنی منداڵێکی نوێ، وەچەیەکی پڕهزر و نوێخواز، کەسانی مۆدێرن و ئیندیڤیدوێل لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا زۆر سەختە. ڕەنگە پلورالیزم تەنیا چارەیەک یان خەونێک بێت، کە نەوەکانی داهاتوو لە پاشەڕۆژێکی دوورتردا ببینن، چونکە پلورالیزم و هەمەڕنگی و پێکەوەژیانی گەلانی ئەو دەڤەرە تەنها چارەیەکی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەیە و حەتمیەتێکی مێژووییە.

<u>دووفاقەیی نامۆبوون لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا</u>

لەم نێوەندەدا گەلێک سەختە هێڵێکی دیاریکراوی ئەم فرە نامۆبوونە و بەتایبەتی کۆمپلێکسی نامۆبوون لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەستنیشان بکەین، هاوکات ئەم دیاردەیە دووفاقەیە. لە نێوەندێکیاندا نامۆبوون ئیندیڤیدوێلە (تاکگەرایە)، واتا نامۆبوونی تاکی کوردە بە خۆی و دەوروبەرەکەی (ئاخر نەخۆشییە دەروونییەکان کە لە کوردستانیش گەلەک هەن و چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە، یان پشتگوێیەکی کۆمەڵایەتی وەک مۆتەکە بەسەریاندا سەپێنراوە، بە شێوەیەکی پەنهانی و نهێنی بەربڵاون). لایەنێکی تری ئەم نامۆبوونە بە پڕۆسەیەکی کۆلێکتیڤ (گەلەکی / دەستەجەمعی)دا تێپەڕیوە و نامۆبوونی کولتووری (سۆسیۆ-کولتووری) بەرهەمهێناوە و بەردەوامیشە لەم پرۆسەیەدا.

دووفاقەیتی تێگەی نامۆبوون لە کتێبی "کارگەکانی تابووت"دا لە سەرێکییەوە کۆلێکتیڤە. ئەم نامۆبوونە زادەی ئەتککردنی کولتووری کوردییە لە لایەن کولتووری ئەرەبی ئیسلامییەوە، کە بە زۆرەملێ لە چوارچێوەی کولتووری سەردەستدا نامۆبوونی بۆ کولتوری کوردی خەملاندووە و بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کولتووری نامۆبوونی تاک و کۆی کورد. کورد خۆیشی بە بەشیکی گەورەی ئەم بەنامۆبوونە ڕازی بووە و پراکتیزەی کردووە. کولتووری یەکتریپەسەندکردن لەو دەڤەرەدا کارێکی زۆر سەختە و دەبێت بە پرۆسەیەکی مێژوویی و ڕێنیسانسێکی ڕۆژهەلاتیدا تێپەڕێت، کە ئەمەش لەم ساتە مێژووییەدا گەلەک سەختە.

نووسەر لەو باوەڕەدایە، کە سەرچاوەی نامۆبوونە تاکەکەسییەکە / ئیندیڤیدوێلەکە لە نائاگایی تاکی کورد خۆیەوە بەرجەستەبووە و سەرچاوەی گرتووە. لە لاپەرەی ٤٩ دا نووسەر ئەم نامۆبوونە باشتر فۆرمولە دەکات: "ئێمە نە خاوەنی ئەو ڕۆح و عەقڵەین کە دەرک بە نەخۆشییەکانی خۆمان بکەین، نە ئەوەندە بەهێز و ئازاین کە زات بکەین لە بەردەمی خۆمان و خەڵکیدا دانی پێدا بنێین..."

تێزەکەی نووسەر تێکەڵەیەکی مێژوویی-کولتوورییە لەسەر تێگەی نامۆبوون، دەستپێکێکی ئاڵۆزی کولتووری ڕەشۆکی-بیاباناوی بەدەویی ئەرەبی-ئیسلامییە کە بە کولتورێکی نامۆ بە کولتوورەکانی غەیرە

ئەرەب ناوزەد دەکرێت. تەلیسماویکردنی، بە قەولی نووسەر ژەهراویکردنی کولتوورەکانی ئەو ناوچانە بوون. ئەم کولتووره ئەرەبی-ئیسلامییە توانیویەتی لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووییدا هزر و عەقڵییەتی گەلانی ئەو دەڤەرە بەخۆوە ببەستێتەوە. نامۆبوون لێرەدا دەبێتە زادەی تێکەڵەیەکی نامۆلەخۆگری کولتووری، کە کولتوورە سەردەستەکە (ئەرەبی-ئیسلامی) بەبێ گوێپێدان و رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی کولتوورەکەی تر (کولتووری ژێردەستە یان بندەست)، بە زۆرەملێ کولتوورەکەی خۆی بەسەر چاوگی کولتوورەکانی ئەو دەڤەرەدا سەپاندووە. خاڵێکی گرنگی پەیوەندیدار بەم نامۆبوونەوە ئەوەیە، ئایا مێتۆدێکی دیاریکراو بۆ سستکردنی (هێورکردنی) ئەم نامۆبوونە لەسەر تاکی کورد یان لە پرۆسەی بەکۆلێکتیڤکردن بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا هەیە، بەواتایەکی تر ئایا واڵابوون (رزگاربوون)ی مەرجداری تاکی کورد لەم ئاستەنگەدا لە ئەڵقەکانی کەلەپچەی بەندەیبوونی ئەم کولتورە نامۆیە ئەگەری هەیە؟ ڕەنگە ئەمە پرۆگنۆزێکی (لەپێشچاوگرتنێکی) نەگونجاوبێت. بەهەر توێژینەوەیەک، گەر فەلسەفی، سۆسیۆلۆژی، سۆسیۆ-کولتوری بێت، نامۆبوون نەک هەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە پرۆسە ئیندیڤیدوێل و کۆلێکتیڤەکەیدا تێدەپەرێت و دەمێنێتەوە، بەڵکو لە تەواوی کولتورەکانی جیهاندا لە ئاستەنگێکی کۆسمۆپۆلیتیکدا دەمێنێتەوە و بۆتە دیاردەیەکی نەبڕاوە لە مۆرکی کۆمەڵگەی مۆدێرندا. گەر بابەتیانە بڕوانینە کۆمەڵگەی کوردەواری، نامۆبوون خۆی بە کۆمپلێکسێکی سۆسیۆ-کولتوری ئەوتۆدا تێپەڕیوە، یان ڕوونتر بڵێین نامۆبوون بەهۆی سەردەستەیی و بەسەرداسەپاندنی کولتوری ئەرەبی-ئیسلامییەوە بەسەر کولتوری کوردیدا، هێندە لە جومگەکانی پەیوەندییە جڤاکییەکانی ئاڵاوە، کە ئازادبوون لەم وەبایە زۆر زەحمەتە. ئاخر کولتورێک، کە سەرچاوەی میکانیزمی پێکهاتە کولتورییەکانی لە کولتورێکی بێگانە هەڵ-هێنجراوە، بە خۆنامۆبوونێک لەو جۆرەی نووسەر باسیان لێوە دەکات، کارێکی حەتمییە. ڕەنگە مێتۆدەکانی نەشونماکردنی پرۆسەی ئیندیڤیدوالیزم بە لەدایکبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست (یان پەروەردەیەکی یەکسانبەیەکتر) و هاتنەگۆڕێی نەوەیەکی نوێ بتوانێت بەرەنگاری ئەم نامۆبوونە ببێتەوە. ئەمەش نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە تەواوی کولتورەکانی ئەو دەڤەرەدا. پێموایە ئەم بەرەنگاربوونەوەیە بە هیچکام لەم مێتۆدانە بەئەنجام ناگەیەنرێت، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە هەموویان (فەلسەفی، سۆسیۆلۆژی، سۆسیۆ-کولتوری و ...). دەبێت لەم پنتەدا ئەوە بهێنرێتە جێگەی گفتوگۆ، کە سەردەستەیی کولتوری ئەرەبی-ئیسلامی تەنها کۆمەڵگەی کوردەواری توشی وەبای نامۆبوون نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵگەکانی جیهانی بەم وەبا کۆلێکتیڤە ساریکردووە. سارێژی ئەم نەخۆشییە (لایەنە دینی و عەقیدەییەکانی ئەم دیاردەیە) لەم کاتە و لە ئێستادا کارێکی مەحاڵە، چونکە ئەم دیاردەیە هەموو مرۆڤایەتی گرتوەتەوە.

پەراوێزەکان

(1 ڕوسۆ لە 28.06.1712 لە ژنێڤ لەدایکبووە و لە 02.07.1778 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. فەیلەسوف و نووسەر و پەروەردەناس و توێژەر بووە. کاریگەری زۆری لەسەر پەروەردەناسی (پێداگۆگی) و تیۆرییە سیاسیەکانی سەدەی 18 و 19 و 20یش لە تەواوی ئەورووپادا هەبووە، هەروەها یەکێک بوو لە ڕێخۆشکەرانی شۆڕشی فەڕەنسی.

2) مارکس لە تێزی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا دوو تێگەی نامۆبوون و خۆدەردان ( Entfremdung und Entäußerung) ، یان نامۆبوون لە خودی خۆ، بەکاردێنێت.

3) گەلناس (ئێتنۆلۆژ) و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژی) فەڕەنسی لە 05.04.1858 دا لە فەڕەنسا لەدایکبووە، لە 15.11.1917 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. ئەمڕۆ بە یەکێک لە کلاسیکەکانی سۆسیۆلۆژی

دەژمێردرێت، کە هەوڵیدا کۆلێژی کۆمەڵناسی وەکو بەشێکی سەربەخۆ لە بەرنامەی توێژینەوە و زانستەکاندا سەقامگیر بکات. لێکۆڵینەوە ئەزمونگەراییەکانی بوون بە نموونەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسی.

4) تیۆدۆر ڤ. ئادۆڕنۆ، فەیلەسوفی ئەڵمانی و یەکێک لە فەیلەسوفانی تیۆریی ڕەخنەیی ناسراو بە قوتانخانەی فرانکفۆرت. لە 11.09.1903 دا لە فڕنکفۆرت لەدایکبووە و لە 06.08.1969 دا لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە. هەروەها (ماکس هۆرکهایمەر، فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی و ئەندامی چالاکی قوتانخانەی فرانکفۆرت. لە 14.02.1895 دا لە شتوتگارت لەدایکبووە و لە 07.07.1973 دا لە نیورنبێرگ کۆچی دوایی کردووە.

5(Franz Fanon: Die Verdammten dieser Erde, Rowohlt Taschenbuch Verlag GmbH, Hamburg Mai 1969.

فرانس فانۆن لە 20.07.1925 لە فۆرت دێفرانس لە مارتینیک لەدایک بووە، لە 06.12.1961 لە ماریلاند کۆچی دوایە کردووە. نووسەر و سیاسەتمەدار و دوکتۆری دەروونناس بووە. لە شۆڕشی جەزائیردا بەشداری کردووە و لە بەرەی شۆڕسەکەدا بەرەنگاری دژی کۆلۆنی فەرەنسی کردووە. چارەسەری گەلێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانی ڕەشپێستەکەنی کردووە و توێژینەوەی لە بارەیانەوە بڵاوکردۆتەوە. فانۆن خۆی کەسێکی ڕەشپێست بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری ئازاری دەروونی ڕەشپێستەکان بووە.

٢١,٠٥,٢٠٢٠

ئەڵمانیا، هانۆڤەر / مەحمود چاوەش